
سەید حەکیم گرنگی پتەوکردنی ئامادەیی سیاسی ئێزیدییەکان و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال دووپات دەکاتەوە



بەرپرس سەماحەتی سەید حەکیم، سەرکی هاوپەیمانەتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی رۆژی 31 کانوونی یەکەمی 2025 چاوی بە شاندێکی هاوپەیمانەتی ئێزیدی بە سەرکایەتی وەحید مەندێ کەوت کە موراد ئیسماعیلی جێگرکێشی ئامادەبوو.

لەم دیدارەدا بیروڕا ئاوگۆڕ کرا سەبارەت بەدواییین پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی لەعیراق و ناوچەکە و بارودۆخی ئێزدییەکان و چەنیەتی بەهێزکردنی ئامادەیی سیاسییان، هەروەها سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە ئێزدییەکان زیادەیەکن لە کوالیتی کۆمەڵگای عێراقی کە بە ژمارەیان ناپوورێت، بەڵکو بە بڕشداریان لە دەوڵەمەندکردنی کەلتووری عێراقی و هەمەچەشنیدا دەخرێتە تای تەرازوو.

سەماحەتی داوای خێراکردنی ئاوەدانکردنەوەی شاری شەنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە کرد، هەروەها داوای کرد تەکەڵاوبوون لەگەڵ بڕشەکانی تری پێکهاتە نەتەوەییەکان ببێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراقدا، هەروەها جەختی لەسەر گرنگی چەکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی ژنانی ڕفێندراو و ڕزگرتن لە قوربانییەکانی کۆمەڵگای ئێزدی لە بەرنگاربوونەوەی تیرۆردا دووپاتکردەوە..